# جێم مەهێڵە

جێهێشتن قیژوهوڕی لق و چڵە ڕووتەکانی
دارستانی پایزە
بەدەستی شەللاقی " با " ی دڵ ڕەقەوە
هاوارێکە خۆڵەمێشی
وەك چاوی گریاوی گەڵایەك لام ئازیزە،
دەسا ئازیز وەرە قوڵپی گریانم لە پێکێکا بخۆرەوە
لە دیدەنی هەنسکێکما بە پەنجەی ناز
فرمێسکی خەمێکم بۆ بسڕەوە،
نە، نەکەی ئازیز
بەجێم بێڵی
من فێری باوەشی گەرمی وشەت بووم
ساوایەکم و بە بەر سنگ و بەرۆکی
دایکی ئەوینتەوە نوساوم،
بە تاریکی تەمەنێکم مەسپێرە
لە زایەڵەی دەنگی سۆزی تۆ زیاتر
لەم بیابانی ڕۆحەدا
کەسی تر شك نابەم لێرە،
تۆ چۆن هێشتت خۆشم بوێی؟
چۆن هێشتت ڕیشی سێ ڕۆژەت
لە ڕوومەتی سپی و سۆڵی هەستم کەوێ؟
کە دڵنیا بووی لەم مەنفای بەفرەدا
خۆشەویستی بووکە بەفرینەیەکە بەستوویەتی
تۆش بێ ئاوڕدانەوە
جێم ئەهێڵی ئەڕۆی؟!!

مالپەری هۆزاک
http://www.angelfire.com/folk/hozak

ئاوەنیا پیران
18.09.02